١١ی ئـابــی ٢٠١١

# ســـكرتـێری گشـتی

**SG/A/1199**
**BIO/4308**
**IK/637**

نەتەوە یەكگرتووەكان

بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن / بەشی میدیا و هەواڵەكان / نیویۆرك

ژیـانـنـامـــە

## ســـكرتێری گشـــتیی نەتەوە یەكگـــرتووەكان

## مارتن كۆبلەری ئەڵمانی بە نوێنەری تایبەت بۆ عیراق دادەمەزرێنێت

بــان كی مونی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان مارتن كۆبلەری ئەڵمانیی بە نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ عیراق و سەرۆكی نێردەی نەتەو یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) دامەزراندووە. كۆبلەر جێی ئــاد مێلكەرتی هۆڵەندی دەگرێتەوە كە لە تەمموزی ٢٠٠٩ەوە لە عیراق خزمەتی كرد. سكرتێری گشتی سوپاسگوزاری بەڕێز مێلكەرتە بۆ سەركردایەتیی یونامی لە جێبەجێكردنی ئەرك و دەسەڵاتی پێدراوی بەپێی بڕیاری ژمارە ١٧٧٠ی ساڵی ٢٠٠٧ و بڕیارەكانی دواتری ئەنجومەنی ئاسایش.

بەڕێز كۆبلەر لە ئاداری ٢٠١٠ەوە وەك جێگری نوێنەری تایبەت (بۆ كاروباری سیاسی) لە ئەفغانستان كاریكردووە و بۆ ئەم پۆستە نوێیەشی شارەزاییەكی باش لەگەڵ خۆی دێنێت لە بواری پەرەپێدانی سیاسەتگەل بۆ ناوچەكانی ئالوودەی شەڕ بەوپێیەی لە وڵاتی خۆی زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە بواری كاروباری دەرەوە كاری كردووە. پێشتر بەڕێوەرەی گشتیی رۆشنبیری و پەیوەندییەكان بووە لە وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئەڵمانی و باڵیۆزی وڵاتەكەشی بووە لە عیراق و لە میسر.

بەڕێز كۆبلەر لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ سەرۆكی دیوانی وەزیری پێشووی كاروباری دەرەوەی ئەڵمانی یۆشكا فیشەر بووە و لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٠یش جێگری سەرۆكی دیوان بووە. لە ١٩٩٧ تا ١٩٩٨ جێگری سەرۆكی تیمی تایبەتی بەلكان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانی بووە و پێش ئەوەش نوێنەرایەتیی ئەڵمانیای لەلای دەسەڵاتی نیشتیمانیی فەڵەستینی لە رامەڵلا دامەزراندبوو.

هەروەها لەگەڵ نێردەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاییتی و نیكاراگوا و كەمبۆدیاش وەك چاودێری هەڵبژاردن خزمەتی كردووە.

بەڕێز كۆبلەر بڕوانامەیەكی بەرزی لە بواری یاسادا هەیە و بە زمانەكانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەندەنوسی و عەرەبی قسە دەكات. لە ١٩٥٣ لەدایك بووە، خێزاندار و سێ منداڵی هەن.

* * * * *

تۆماری رەســمی نییە. تەنها بۆ ڕاگەیاندنە